- رسول الكركوكلي، المصدر السابق، الصفحات ٢٤٥-٢٤٦.
- د. علاء نورس، (حكم المماليك...)، الصفحة ٧٣.
٢٧٨. ياسين العمري، (غرائب الاثر...)، الصفحات ٨٧-٨٨.
٢٧٩. بڕوانە:
- عثمان بن سند الوائلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٩٦ ومابعدها.
- ياسين العمري، (غرائب الاثر...)، الصفحة ٨٦.
- عماد عبدالسلام، (الموصل...)، الصفحات ١٤٠-١٤١.
٢٨٠. ڕاپەڕینی یەزدانشێر بە یەکێك لە ڕاپەڕینە کوردییەکان دادەنرێ دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا، ئەم ڕاپەڕینە بە سەرکردایەتی یەزدانشێر لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٨٥٤)ی زایینیدا لە باکوری کوردستان هەڵگیرسا، لە سەرەتادا شارەکانی بۆتان و هەکاری و بەدلیسی گرتەوە. هەرچەندە ڕاپەڕیوان توانیان دەست بەسەر چەندین شار و ناوچەدا بگرن، بەڵام دوای دەستگیرکردنی یەزدانشێر لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە لە مانگی ئاداری ساڵی (١٨٥٥)ی زایینیدا ڕاپەڕینەکە دامرکێنرایەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:
- المصدر السابق.
- لازاريف وآخرون، (تأريخ كردستان)، الترجمة عن الروسية: د. عبدي حاجي، الطبعة الأولى، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٦، الصفحة ١٣٦ ومابعدها.
٢٨١. بڕوانە دەقی بەڵگەنامەی ژمارە (mkt.um/١٧٣/٥) لە: عبدالرقيب يوسف، (حدود كردستان الجنوبية تأريخياً وجغرافياً خلال خمسة الآف عام)، الطبعة الثانية، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٥، الصفحة ١٣٩.

٢٨٢. بڕوانە ڕاپۆرتی بەرپرسانی ویلایەتی موسڵ لە بارەی ئاسایشی سەنجەقی کەرکوك لە: خلیل علی مراد، (مختارات من کتاب...)، الصفحات ٢٩ ومابعدها.

٢٨٣. بڕوانە: ڕاپۆرتی مەئموری چاکسازی کەرکوك ئیسماعیل حەقی لە: خلیل علی مراد، المصدر السابق، الصفحات ٣٨-٣٩.

٢٨٤. بڕوانە: نوسراوی تایبەتی سوڵتانی بە ژمارە (٩٦٥) تایبەت بە ناردنی فەریق (عەبدوڵڵا پاشا) بۆ کەرکوك لە: خلیل علی مراد، (مختارات من کتاب...)، الصفحة ٧٤.

٢٨٥. بڕوانە: ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی ژمارە (٣٧٧٤) بۆ سەدری ئەعزەمی عوسمانی لە بەرواری کانونی دووەمی ساڵی (١٨٩٦)ی زایینی بۆ لەناوبردنی ئاژاوە لە هەردوو سەنجەقی کەرکوك‌و سلێمانی، بڕوانە:

- خلیل علی مراد، المصدر السابق، الصفحات ٧١-٧٢.
- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: عبدالله العلیاوي، (سیاسة الدولة العثمانیة تجاه...)، الصفحة ١٧٤.

٢٨٦. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: تەوەرەی دووەم لە بەشی یەکەم.

٢٨٧. بڕوانە:

- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٤٩.
- محەمەد ئەمین زەکی، (تاریخی سلێمانی...)، لاپەڕە ٨١-٨٢.

٢٨٨. رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٥٠.

٢٨٩. عماد عبدالسلام، (الموصل...)، الصفحة ١٥٠.

٢٩٠. عثمان بن سند الوائلي، المصدر السابق، الصفحات ٢٧٧-٢٧٨.

٢٩١. رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحات ٢٥٦-٢٥٧.

٢٩٢. بڕوانە:

- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحات ٢٦٩-٢٧٠.
- احمد جودت، المصدر السابق، الجزء الحادي عشر، الصفحات ٢١-٢٢.
- محەمەد ئەمین زەکی، (تاریخی سلێمانی...)، لاپەڕە ٦٩.

٢٩٣. احمد علي الصوفي، المصدر السابق، الصفحة ١٤٨.

٢٩٤. بڕوانە دەقی نامەی (مەحمود پاشا)ی بابان بۆ کاربەدەست‌و گەورەکانی کەرکوك لە بەرواری (٢١)ی حوزەیرانی ساڵی (١٨١٦)ی زایینی لە: محەمەد حەمە باقی، (میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران...)، لاپەڕە ٧٣-٧٥.

٢٩٥. بڕوانە دەقی نامەی (مەحمود پاشا)ی بابان بۆ سەیید مەحمود ئەفەندی موفتی کەرکوك لە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٦-٧٧.

٢٩٦. بڕوانە:

- احمد جودت، المصدر السابق، الجزء الحادي عشر، الصفحة ٣٠.
- عباس العزاوي، (تأریخ العراق بین إحتلالین، الجزء السادس، الصفحات ٢٥٠-٢٥١.
- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٨٤.

٢٩٧. ستیڤن لۆنگریك، (اربعة قرون...)، الصفحات ٢٩٢-٢٩٣.

٢٩٨. رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحات ٢٩٥-٢٩٦.

٢٩٩. بڕوانە:

- عثمان بن سند الوائلي، المصدر السابق، الصفحة ٣٣٩.
- ستیڤن لۆنگریك، (اربعة قرون...)، الصفحة ٢٩٤.
- محەمەد ئەمین زەکی، (تاریخی سلێمانی...)، لاپەڕە ١٠٥.

٣٠٠. بڕوانە:

- ستیڤن لۆنگریك، (اربعة قرون...)، الصفحات ٢٨٣-٢٩٣.
- د.عمر ابراهیم تۆفیق، المصدر السابق، الصفحة ٣١.
- د. کمال مظهر أحمد، (کرکوك وتوابعها...)، الصفحة ٤٨.

٣٠١. رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٣٦ ومابعدها.

٣٠٢. بڕوانە:

- المصدر السابق، الصفحة ٢٤٨.
- ستیڤن لۆنگریك، (اربعة قرون...)، الصفحات ٢٩٢-٢٩٣.

٣٠٣. بڕوانە:

- حسین ناظم بیگ، المصدر السابق، الصفحة ٣١٣.
- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٩٢.

٣٠٤. بڕوانە:

- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٩٢.
- عباس العزاوي، (تأریخ العراق بین إحتلالین)، الجزء السادس، الصفحة ٢٦٥.

٣٠٥. بڕوانە:

- حسین ناظم بیگ، المصدر السابق، الصفحة ٣١٣.
- عباس العزاوي، المصدر السابق، الجزء السادس، الصفحة ٢٦٥.

٣٠٦. عثمان بن سند الوائلي، المصدر السابق، الصفحة ٣٢٢.

٣٠٧. بڕوانە:

- رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٩٢.
- عثمان بن سند الوائلي، المصدر السابق، الصفحة ٣٢٢.

٣٠٨. رسول الکرکوکلي، المصدر السابق، الصفحة ٢٩٢.

٣٠٩. سعدي عثمان، (کوردستان الجنوبیة...)، الصفحة ١٠٦.

٣١٠. لەم بارەیەوە بڕوانە: د.جمال نبز، (الامیر الکردي میر محمدی الرواندزي الملقب ب(میر کۆرە)، ترجمة: فخري سیلاحشور، الطبعة الأولی، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٢، الصفحات ٥٢-٥٣.

٣١١. حسین حزني المکریاني، (موجز تأریخ امراء سۆران)، الصفحة ٤٨.

٣١٢. Ethem Xemgin, Kürdistan Tarihi, Beşinci Baski, Can Matbaaçilik, (Istanbul: ٢٠٠٤), S. ٥٠٦.

٣١٣. جمال نبز، المصدر السابق، الصفحة ١٣٣.

٣١٤. بڕوانە:

- کوردەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، لاپەڕە ١٥٠.
- عماد عبد السلام، (الموصل...)، الصفحة ١٩٨.

٣١٥. حوسێن حوزنی موکریانی، (سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٧)، لاپەرە ٤٣-٤٤.

٣١٦. Major Fredrick milligen. wild life among the Kurds. (London: ١٨٧٠). p. ٣٨٠:

نقلا عن د. كمال مظهر احمد، (كركوك وتوابعها...)، الصفحة ٦٤.

٣١٧. جيمس بيللي فريزر، (رحلة فريزر...)، الصفحات ١١-١٢.

٣١٨. مجلة (كاروان)، العدد (٢)، اربيل، ١٩٨٧، الصفحة ٣٧. موضوع بعنوان: (الهجوم العثماني على كردستان وسقوط إمارة سوران)، كتابة: عبدالفتاح علي يحيى.

٣١٩. بڕوانە:


- عبد العزيز سليمان نوار، (تأريخ العراق الحديث...)، الصفحة ١٠٤.


- كاميران عبدالصمد دوسكي، (كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر)، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، الصفحة ١٣١.


٣٢٠. بڕوانە:


- ستيڤن لۆنگريك، (اربعة قرون...)، الصفحات ٣٤٣-٣٤٤.


- عباس العزاوي، (تأريخ العراق بين إحتلالين)، الجزء السابع، الصفحات ٣٢-٣٥.



ناوچە ئاوەدانەکانی کەرکوك
لە نێوان ساڵانی 800پ.ز - 730پ.ز
دەوڵەتی ئاشور لە ساڵی 800پ.ز
دەوڵەتی ئاشور لە ساڵی 730پ.ز
دوورترین سنووری ئیمپراتۆریەتی ئاشوری
ئیمپراتۆریەتی ئورارتو 750ق.م
Caspian Sea
URARTU
MEDIA
ARABIAN TRIBES
EGYPT
CYPRUS
CILICIA
Tarsus
Taurus Mts
Gordion
Hattusas
Ecbatana
Arbil
Nineveh
Assur
Tell Al-Rimah
Harran
Damascus
Byblos
Sidon
Tyre
Ugarit
AMMON
MOAB
EDOM
Babylon
CHALDAEANS
Tema
BAHRAIN



The Medo-Babylonian Empire
ئیمپراتۆریەتی میدیو بابلییەکان
ئیمپراتۆریەتی بابلییەکان
ئیمپراتۆریەتی میدییەکان
Black Sea
Caspian Sea
Scythians
Cappadocia
Urartu
Lydia
Cyprus
Egypt
Assyria
NEO-BABYLONIAN EMPIRE
Babylonia
Media
Elam
Hyrcania
Parthia
MEDIAN EMPIRE
Persia
Arabian Desert
Red Sea



پێگەی کەرکوک لە ئیمپراتۆریەتی پرسییەکاندا لە دەوری ساڵی ٥٠٠ پێش زایین
The Persian Empire
about 500 B.C.
Boundaries of Satrapies under Darius I
Royal Highway
Scale 1:36000000
CASPIAN SEA
PERSIAN GULF
ARABIAN SEA
RED SEA
MEDITERRANEAN SEA
PONTUS EUXINUS (BLACK SEA)
Caucasus Mts.
Armenia
Assyria
Babylon
Mesopotamia
Media
Ecbatana
Susiana
Persis
Persepolis
Pasargadae
Parthia
Hyrcania
Margiana
Aria
Bactria
Sogdiana
Arachosia
Gedrosia
Drangiana
Carmanians
Sagartians
Paricanians
Utians
Cilicia
Cappadocia
Syria
Arabia
Egypt
Libya
Cyprus
Crete
Ionia
Lydia
Thrace
Macedon
Greece
Massagetae
Chorasmians
Sacans (Scythians)
India



پێگەی کەرکوك
لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا
دەوڵەتی ئەمەوی
پێگە ئیسلامییەکان
دەوڵەتی بیزەنتی
أرمينيا
إيران
جبل أرارات
أرض الأكراد
العراق
كركوك
أربيل
نهر دجلة
نهر الفرات
الموصل
ديار بكر
ماردين
الرها
الرقة
دير الزور
حلب
حماة
حمص
دمشق
طرابلس
بيروت
صيدا
اللاذقية
أنطاكية
منبج
ملطية
مرعش
أضنة
طرسوس
قبرص
الدولة البيزنطية
آسيا الصغرى
هضبة الأناضول
قيصرية
عمورية
قونية
أنقرة
سينوب
طرابزون
باطوم
أرضروم
بورصة
القسطنطينية
أدرنة
أزمير
رودس
أنطاليا
خليج أنطاليا
بحر بنطس ( البحر الأسود )
بحر الروم ( البحر الأبيض المتوسط )
بحر إيجة



پێگەی کەرکوك لە دەوڵەتی ئەمەویدا
لە نێوان ساڵانی ٦٦١-٧٥٠زاینی
ماوەی خیلافەتی ڕاشیدییەکان
ماوەی خیلافەتی ئەمەوییەکان
بحر خوارزم
خراسان
كرمان
فارس
الجبال
أذربيجان
أرمينية
العراق
الجزيرة
الشام
جزيرة العرب
مكة
اليمن
مصر
الإسكندرية
برقة
البحر الأسود
القسطنطينية
الأندلس
سلطنة زويلة



کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا
دەوڵەتی عەبباسی
پێگە ئیسلامییەکان
دەوڵەتی بیزەنتی
بحر بنطس ( البحر الأسود )
آسيا الصغرى
البيزنطية
الدولة
هضبة الأناضول
العراق
أرض الأكراد
إيران
أرمينيا
أرضروم
باطوم
طرابزون
سينوب
القسطنطينية
بورصة
أنقرة
عمورية
قونية
قيصرية
ملطية
زبطرة
مرعش
منبج
حلب
أنطاكية
حماة
حمص
اللاذقية
طرابلس
بيروت
صيدا
دمشق
ديار بكر
ماردين
الرها
الرقة
دير الزور
الموصل
أربيل
كركوك
قبرص
أنطاليا
خليج أنطاليا
بحر إيجة
رودس
البحر الشامي ( بحر الروم - البحر الأبيض المتوسط )


فراوانترین سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەر لە ساڵی ١٦٨٣
800 Kilometers
400 Miles
SAFAVID EMPIRE
OMAN 1521
TURKESTAN
Caspian Sea
PERSIA
Persian Gulf
1521
HASA 1555
Arabian Peninsula
DAGESTAN
AZER-BAIJAN
KURDISTAN 1515
MESOPOTAMIA 1534
YEMEN 1517
GEORGIA (1646)
ARMENIA 1548
Massawa
To Kazan, 1521
Azov
Medina
Mecca
Red Sea
Suakin
RUSSIA
To Moscow, 1571-72
Black Sea
ANATOLIA 1300s
Constantinople 1453
Nubian Desert
Cairo
EGYPT 1517
To Krakow, 1502, 1519
TRANSYLVANIA 1541
BULGARIA 1393
To Vienna, 1529, 1683
HUNGARY 1541
BOSNIA 1463
GREECE 1460
MONTENEGRO
1543
Libyan Desert
AUSTRIA
Vienna
ITALY
Mediterranean Sea
TRIPOLI 1551
TUNIS
FRANCE
Algiers
ALGERIA 1519
Sahara
SPAIN
MOROCCO
PORTUGAL
Longitude East of Greenwich


الامبراطورية العثمانية
الاراضي العثمانية عام ٨٧٥ بعد الهجرة (١٤٧١ بعد الميلاد)
فتوحات سليم الاول عام ٩١٨-٩٢٦ بعد الهجرة (١٥١٢ - ١٥٢٠ بعد الميلاد)
فتوحات سليمان الاول عام ٩٢٦-٩٧٤ بعد الهجرة (١٥٢٠ - ١٥٦٦ بعد الميلاد)
فتوحات عام ٩٧٤-١٠٩٤ بعد الهجرة (١٥٦٦-١٦٨٣ بعد الميلاد)
فتوحات تالية من قبل اتباع العثمانيين
دول مستقلة (من رعايا العثمانيين) عام ١٥٦٦م.


ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٤٨١-١٦٨٣
The Ottoman Empire in 1481
Acquisitions up to 1520
(Selim I, 1512-1520)
under Suleiman II.
(the Magnificent) 1520-1566
up to 1683
The tributary states are colored light pink. The dates are those of Turkish conquest. Rep.-Republic
Scale 1:25 000 000


The OTTOMAN SULTANATE in the 16th and 17th Centuries
ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی
شانزەهەم و حەڤدەهەمی زایینی
Ottoman Sultanate in 1512
Acquisitions of Selim I (1512-1520)
Acquisitions of Sulayman the Magnificent (1520-1566)
Acquisitions 1566-1683
Lost Territories (with Year of Conquest and Year of Loss)
The Ottoman Empire in 1683
Sharifs of Mecca and Medina (Virtually Independent)
Venice and Venetian Possessions
Genoa and Genoese Possessions
Year of Conquest by Russia


ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای ساڵی ۱۸۰۷
پارچەی لە دەست چوو لە ساڵی ۱۸۰۷-۱۸۲۹
پارچەی لە دەست چوو لە ساڵی ۱۸۳۰-۱۸۷۸
پارچەی لە دەست چوو لە ساڵی ۱۸۷۹-۱۹۱۵
پارچەی لە دەست چوو لە ساڵی ۱۹۱۶-۱۹۲۳
تورکیا لە ساڵی ۱۹۲٤
AUSTRIA
HUNGARY
RUSSIA
CASPIAN SEA
IRAN
Tehrān
CAUCASUS
Tiflis
ACHALZICH (to Russia 1829)
KARS (to Russia 1878)
ARMENIA
Lake Van
Van
AZERBAIJAN
Lake Urmia
Kura
Rioni
ABKH (to Ru
BOSNIA (to Austria-Hungary 1878, annexed 1908)
HERZEGOVINA (to Austria-Hungary 1878, annexed 1908)
MONTENEGRO (ind. 1878)
ALBANIA (ind. 1913)
ITALY
Drava
Danube
SERBIA (aut. 1830, ind. 1878)
Niš
Sofia
BULGARIA (aut. 1878, ind. 1908)
Bucharest
WALACHIA
ROMANIA (ind. 1878)
MOLDAVIA
Prut
Olt
BESSARABIA (to Russia 1812)
(to Russia 1829)
Odessa
Dnieper
CRIMEA
Anapa
BLACK SEA
POTI (to Russia 1829)
BATUM (to Russia 1878)
Trebizond
Erzurum
Bitlis
EAST RUMELIA (aut. 1878, to Bulgaria 1885)
Adrianople (Edirne)
THRACE
San Stefano
MACEDONIA
Janina
THESSALY
Imbros
Dardanelles
Tenedos
GREECE
Athens
MOREA
Navarino
AEGEAN SEA
Izmir (Smyrna)
Istanbul (Constantinople)
Unkiar Skelessi
Samsun (to Russia 1878)
Sakarya
Kizil
Ankara
TURKEY
ANATOLIA
Konya
Sivas
(Italian sphere of influence 1919–21)
(French sphere of influence 1918–21)
CILICIA
HATAY
Alappo
SYRIA
Tripoli
LEBANON
Damascus
Acre
Haifa
PALESTINE
Jerusalem
TRANS-JORDAN
Nicosia
Cyprus (British admin. 1878, protectorate 1914)
Rhodes
DODECANESE (Italian occupation 1912)
Spinalónga
CRETE (aut. 1898, ceded to Greece 1913)
MEDITERRANEAN SEA
Alexandria
EGYPT (British occupation 1882, Brit. protectorate 1914)
Cairo
Suez Canal
Nile
Banghazi
CYRENAICA (to Italy 1912)
Euphrates
Tigris
Mosul
Kirkuk
Baghdad
Al-Kut
Basra
IRAQ
KUWAIT
ARABIA
0 75 150 225 300 mi
0 150 300 450 km
©1997, Encyclopædia Britannica, Inc.

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | شەرو پێکدادان | ٤ | ١ | ٦ | ٥ | ٢ | ٥ | ٢ | ٥ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٣٦ |
| ٢٢ | خۆپیشاندان | ١٥ | - | ٧ | ٩ | ٢ | ١ | ٦ | - | ٤ | ٤ | ٨ | ١٢ | ٦٨ |
| ٢٣ | مردن/ بزربوون | ٢ | ٢ | - | ٢ | ٤ | ٤ | ١ | ١ | ٢ | ٤ | ٢ | ١ | ٢٥ |
| ٢٤ | فرێدانی نارنجۆك/قازیفە/ بۆمب | - | ٢ | - | - | - | ٥ | ٢ | ١ | ١ | ٥ | ٣ | ٣ | ٢٢ |
| ٢٥ | هەرەشە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ٢٦ | دزینی ئۆتۆمبیل | ٢ | ٢ | ٤ | - | ٤ | - | ١٢ | ٤ | ١١ | ٢ | - | ٢ | ٤٣ |
| ٢٧ | دۆزینەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو | - | - | - | - | ٢ | - | ١ | ٤ | ٣ | ٢ | - | ١ | ١٣ |
| ٢٨ | دۆزینەوەی بلاوکراوە | ٤ | ١٠ | ١ | ٢ | ١ | - | - | - | - | ١١ | ٤ | ٢ | ٣٥ |
| ٢٩ | نوقم بوون لە ئاودا | - | ٢ | ٣ | - | ١ | ١ | ٣ | - | - | - | - | ١ | ١١ |
| ٣٠ | خۆکوشتن / هەوڵدان بۆ خۆکوشتن | ٣ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | ٣ | ٤ | - | ٢ | ٢ | ٤ | ٢ | ٢٧ |
| ٣١ | تەقاندنەوەی خۆکوژ | - | - | - | - | ٢ | - | ١ | - | - | - | ١ | ١ | ٥ |





| ز | جۆری ڕووداوەکانی کەرکوک لە ساڵی ( ٢٠١٤ ) | کانوونی دووەم | شوبات | مارت | نیسان | مایس | حوزەیران | تەمووز | ئاب | ئەیلوول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕفاندن | ٢ | ٥ | ١ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ١ | – | ٣٧ |
| ٢ | گومان لێکردن | – | – | – | ١٢ | – | – | – | – | – | – | – | – | ١٢ |
| ٣ | دەستڕێژی گوللە | ٢٧ | ٩ | ١٢ | ٢٢ | ١٥ | ٢٣ | ٢ | ٩ | ١٢ | ٦ | ٨ | ١٣ | ١٥٨ |
| ٤ | تیرۆر | – | – | ١ | – | – | – | – | – | – | – | ١ | – | ١ |
| ٥ | دەستگیرکردن/ دەستگیرکراو | ٣ | ٨ | ٢ | ١٢ | ٧ | ٣ | ٨ | ٧ | ١٥ | ٢٢ | ١٩ | ١٨ | ١٢٤ |
| ٦ | تەقینەوە | – | – | – | – | – | – | – | ٢ | – | – | – | – | ٢ |
| ٧ | تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو/ماتۆر | ٩ | – | ٣ | ٣ | ٢ | ٣ | ٣ | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | – | ٣٣ |
| ٨ | تەقینەوەی بۆمب/نارنجۆك/قازیفە | ٤٣ | ٤٧ | ٦٨ | ٩٤ | ٥٢ | ٤٢ | ٣١ | ٣٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٤٢٩ |
| ٩ | دزی و تاڵان | ١ | ٣ | ٢ | – | ١ | – | – | – | ١ | ٢ | ١ | ٢ | ١٣ |
| ١٠ | ڕووداوی هاتووچۆ/شێلان | ٥ | ٩ | ١٧ | ٩ | ٩ | ٥ | ٤ | ٥ | ٣ | ٤ | ٥ | ٥ | ٨٠ |
| ١١ | سووتان | ٤ | ٥ | ٤ | – | – | – | – | – | – | – | – | – | ١٣ |
| ١٢ | ڕووداوی غاز و نەوت/بۆری نەوت | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ١٣ | دۆزینەوەو دەستبەسەراگرتنی ئۆتۆمبێل | ١ | ٢ | ٢ | ٣ | ٤ | ٢ | ٢ | ٢ | – | ٢ | ٣ | ٢ | ٢٥ |
| ١٤ | کەوتنەوەی مووشەك و هاوەن و ڕووناککەرەوە | ١٥ | ٧ | ١١ | ١٧ | ١٣ | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ٦ | ٧ | ٤ | ٨١ |
| ١٥ | دۆزینەوەی لاشە/منداڵی فڕێدراو | ٢ | ٤ | ٦ | ٢ | ٣ | – | ٢ | ٦ | ١ | ١١ | ٦ | ٤ | ٤٧ |
| ١٦ | دۆزینەوەی مووشەك/قازیفە | ٣ | ٤ | ١ | ٥ | ٤ | ١ | – | ١ | – | – | – | – | ١٩ |
| ١٧ | دۆزینەوەی بۆمب/نارنجۆك | ٣١ | – | ٢٠ | ٢٠ | ١٩ | ٦ | ٧ | ١٣ | ٤ | ٢ | ٩ | ٧ | ١٣٨ |
| ١٨ | دۆزینەوەی ئامرازەکانی تەقینەوە | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ١ | ٢ | – | ٢ | ١ | ٤ | ٢ | ٢ | ٤٣ |
| ١٩ | کوشتن | ١ | ٤ | ٥ | – | – | ٧ | ٥ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ٤٢ |
| ٢٠ | بەسەرdادان | ٩ | ١٦ | ٥ | ٦ | ٦ | ١٠ | ١١ | ١٩ | ١٠ | ٤ | ٦ | ١١ | ١١٣ |

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | شەرو پێکدادان | ٣ | ٢ | ٥ | ٣ | ٣ | ٣ | ٧ | ٥ | ٨ | ٢ | ٢ | ٢ | ٤٦ |
| ٢٢ | خۆپیشاندان | ٤ | ١ | ٢ | ٥ | ٥ | ١ | ٢ | ٩ | ١ | ٧ | ٢ | ٥ | ٤٤ |
| ٢٣ | مردن/ بزربوون | ٣ | ١ | ٢ | – | – | ٤ | ٦ | ٥ | ٥ | – | ٨ | ٤ | ٣٨ |
| ٢٤ | فرێدانی نارنجۆك/قازیفە/ بۆمب | – | ١ | – | – | – | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٢ | – | ٨ |
| ٢٥ | هەرەشە | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٦ | دزینی ئۆتۆمبیل | ١٢ | ٢ | ٣ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٧ | ٢ | ٥ | ٦ | ٤ | ٥٦ |
| ٢٧ | دۆزینەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٨ | دۆزینەوەی بڵاوکراوە | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٩ | نوقم بوون لە ئاودا | – | – | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٣ | – | ٤ | ٢ | – | – | ١٩ |
| ٣٠ | خۆکوشتن / هەوڵدان بۆ خۆکوشتن | ٤ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٥ | – | ٤ | ٦ | ٢ | ٤ | ٢ | ٣٥ |
| ٣١ | تەقاندنەوەی خۆکوژ | – | – | – | – | – | ١ | – | – | – | – | – | – | ١ |





| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | بەسەرداد ان | ١١ | ٥ | ٩ | ٩ | ١١ | ١٢ | ٩ | ١٢ | ٩ | ١٤ | ١٤ | ١٠ | ١٥٢ |
| ٢١ | شەڕو پێکدادان | ٨ | ٥ | ٣ | ٤ | ٤ | ١ | ٣ | ٣ | ٨ | ٤ | ٢ | ١ | ٤٦ |
| ٢٢ | خۆپیشاندان | ٨ | ٤ | ٩ | ٥ | ١ | – | ٨ | ٨ | ٥ | ٥ | ٦ | ٦ | ٦٥ |
| ٢٣ | مردن/ بزربوون | ٣ | ٥ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٨ | ١٠ | ٣ | – | ١ | ١٠ | ٤٨ |
| ٢٤ | فرێدانی نارنجۆك/قازیفە/ بۆمب | ٢ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ١ | – | – | ١ | – | ١ | ١ | ١١ |
| ٢٥ | هەڕەشە | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٦ | دزینی ئۆتۆمبیل | – | – | ٦ | ١٦ | ٧ | ٢ | ٤ | ٦ | ٧ | ١٣ | ٥ | ٢ | ٦٨ |
| ٢٧ | دۆزینەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٨ | دۆزینەوەی بڵاوکراوە | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٢٩ | نوقم بوون لە ئاودا | – | – | ١ | ٦ | – | ١ | ٤ | ٣ | ٤ | ١ | – | – | ٢٠ |
| ٣٠ | خۆکوشتن / هەوڵدان بۆ خۆکوشتن | ٢ | ٣ | ٣ | ٥ | ١ | ٣ | ٢ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٣٣ |
| ٣١ | تەقاندنەوەی خۆکوژ | – | – | – | – | – | – | – | ١ | – | – | – | – | – |






*** ڕێپێوانی ( ٢٨ )ی ئابی ( ٢٠٠٨ ):-**



لە ڕۆژی (٢٨) ی ئابی ساڵی (٢٠٠٨) ڕێپێوانێکی جەماوەری گەورە لە لایەن خەڵکی کەرکوکەوە بە تایبەتی کوردی کەرکوك دەستی پێکرد لە هەموو گەڕەك و ناوچەکانی کەرکوك، کە ڕێپێوانەکە هەمووی لەبەردەم پارێزگای کەرکوك کۆبوونەوە، کە سەرتاپای هەموو حیزبە کوردییەکانی کەرکوك بەشدارییان تێداکرد.

داواکاری ڕێپێوانەکە بەرپەرچ دانەوەی برگەکانی ماددەی (٢٤) بوو لە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان،کە داوا کرابوو کەرکوك بەشداری هەڵبژاردنی پارێزگاکان نەکات، بەڵام زۆربەداخەوە یەکێکی تیرۆرست بە پشتێنی بۆمبڕێژکراو لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا خۆی تەقاندەوەو بووە شەهید بوونی (٢٢)کەس و بریندابوونی (١٥٦) کەس کە زۆربەی شەهیدەکان لە مامۆستایانی کەرکوك بوو، ئەوەی لەم ڕێپێوانەدا بەرچاوە دەکەوێت ئەوەیە کە ڕێپێوانێکی ئاشتیانە بووە بەڵام بەشێك لە پێکهاتەکانی کەرکوك، دژی بوون و باوەڕیان پێی نەبوو، هەر بۆیە بەشێك لە لایەنەکانی غەیری کورد، دەستیان هەبوو و ڕیخۆشکەربوون بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.



*** هێرشی داعش بۆ نێو کەرکوك:-**

نیوەشەوی (٢١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦)، سەد چەکداری داعش، ئەوانەی لە حەویجەوە نێردرابوون بۆ سنووری داقوق، لەگەڵ هاوسەلەفییەکانیان لە کەرکوك بەپاسی نەفەرهەڵگری بچووك لە سەعات سێی بەرەبەیان، گەیەندرانە ناوشاری کەرکوك، ئەم چەکدارانە هاوکاری کرابوون بۆ هاتنە ناوەوەیان بۆ کەرکوك.

چەکدارە تیرۆریستەکان کە هەڵبژاردەیەك بوون لە کەتیبەی (ئینغماسی)و خۆکوژییەکانی داعش، بەسەر پێنج گرووپی بیست کەسیدا بۆ داگیرکردنی بینای پارێزگای کەرکوك، پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوك، شکاندنی زیندانییەکان و بەردانی تیرۆیستانی داعش لە کەرکوك و دەستبەسەرداگرتنی فەرمانگە ئەمنی و بینا بەرزەکانی کەرکوك دابەشکرابوون.

ئەو چەکدارانەی داعش بۆشاییەکی نێوان پێشمەرگەو حەشدی شەعبیان لەنێوان گوندەکانی بەشیرو عوزێرییە بەدەرفەت زانیبوو بۆ دزەکردن و برینی ماوەی چوار کیلۆمەتر، ئەو چەکدارانە سەرەتا هاتبوونە گەڕەکی (دۆمین) لە باشووری کەرکوك، ژمارەیەك چەکداری داعش بەرەبەیان هاتنە نێو مزگەوتێکی گەڕەکی (دۆمیز)، قوفڵی دەرگای مزگەوتەکەیان شکاند، پێدەچوو لەوێ پلانی هێرشکردنیان دانابێ، لەگەڵ بانگی بەیانیدا بڵاوبوونەوەو دەستیان بەجێبەجێکردنی پلانەکەیان کرد.

داعش هەر زوو چووە نێو گەڕەکەکانی پەنجا و پێنج عروبەو دۆمیزو ڕێگای کۆرنیش و ئاڵایان بەرزکردەوەو بانگەوازیان دەکرد، بەشێکی دیکەشیان هێرشیان کردە سەر بنکەی ئاسایشی دۆمیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەلاری پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتی کۆنی پۆلیس و هوتێل جیهادو سنەوبەر.

ئەو چەکدارانەی داعش ئەحداسیاتی نێو کەرکوك و سنوورەکەیان لابووە، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەستکەوتووە، کەتیبەیەکیان بەناوی (عومەر کوڕی خەتاب)، تایبەت بووە بە دەستنیشانکردنی مەوداکان بۆ تۆپبارانکردن، پلانەکەیان چەند قۆناغێك بووە.

سەرەتا تاوەکو کاژێر نۆی بەرەبەیان کۆنتڕۆڵی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکوکیان کردبوو و دواتریش چەند باڵە خانەیەکی ئەمنی و حکومی، ئەو گرووپە چەکدارانەی دابەشکرابوون نزیکەی پێنج گرووپ بوون، هەریەکەیان (١٥- ٢٠) چەکدار بووە، ئەرکی هەر گرووپێك دیاریکراو بووە، لە نێویاندا گرووپێکیش تایبەت کرابوو بەشکاندنی قوفڵی زیندانەکان و ڕزگارکردنی بەندکراوەکانیان.

چەکدارەکانیان سەرجەمیان پرچ و ڕیش درێژبوون و هیچ ناسنامەیەکیان پێ نەبووە، بەگوێرەی چەند بەڵگەنامەیەکی نێو موبایلی چەکدارەکان، لە نێو چەکدارەکاندا کەسانی تورکمانی عێراقی، کوردی ڕۆژهەڵات، چیچانی و ئازەربایجانی هەبوون، دەیان کەسیش بە تۆمەتی هاوکاریکردنیان دەستگیرکراون.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە بڵاوکراوەتەوە، لە شەڕەکەی کەرکوکدا، ژمارەیەك لەو چەکدارانەی دزەیان کردووەتە نێو کەرکوك دەستگیرکران بەم شێوەیە بووە.

١- ئەکرەم تەها عیدان ئەحمەد دلێمی (ئەبو مستەفا)، ئەمیری ئەمنی کەرتی کەرکوکی داعش.

٢- عەبدولڕەحمان فازڵ عەبدولڕەحمان ئەلعززی (ئەبو محەمەد)، بەرپرسی کارگێڕی و دارایی داعش لەناو کەرکوك.

٣- عەبدولڕەحیم ئەحمەد عەبدوڵڵا یاسین (ئەبو عەلی)، هاوکاری ئیداریی تیرۆیستان بەر لە هاتنیان بۆ ناوشار.

٤- لەمیس فەلاح نعیمە ئەحمەد جبووری (ئەبو غەسان) ئەندام لە کەتیبەی ئینغماسی.

٥- عەبدولڕەحمان فازڵ عەباس محەمەد ئەلعوبێدی (ئەبو یەحیا)، خۆکوژەکانی بۆ (دووبز) گواستووەتەوە.

٦- عەلی حوسێن حەمەد ئیبراهیم جبووری (ئەبو ئەحمەد) گواستنەوەو داڵدەدانی تیرۆرستان.

٧- موهەنەد ئیبراهیم عەلی دلێمی (ئەبو لەمیس) تیرۆرستەکانی بە قەلاب گواستووەتەوە نزیك کەرکوك.

بەپێی ئەنجام سەرەتاییەکان دەرکەوتووە سەرپەرشت و پلاندانەری ئەم کردەوە تیرۆریستییە کەسێکە بە ناوی (مازن نەزهان ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلعوبێدی ئەلرەیاشی) کە ناسراوە بە (ئەبو ئیسلام ئەلئەنساری)، ناوبراو بە برینداری لە گەڕەکی یەکی حوزەیران لەلایەن هاووڵاتییانەوە دەستگیرکراوەو دراوەتە دەست لایەنە ئەمنییەکانی کەرکوك. تاکو ئێستاکە نزیکەی ٧٠ چەکداری داعش کوژراوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزکانی ئاسایش و پێشمەرگەو پۆلیس، بەپێی بەڵگەنامەکان تاکو ئێستاکە ٢٥ کەسێکیان ماوەو دەستگیر نەکراوە لە نێو شارەکەدا. پلانەکەی داعش هێندە بەهێزبوو، تەنانەت دوو چەکداری گەیشتبووە ناوچەی (شۆراو) و لەو گەڕەکەدا دەستگیر کرابوو.

هەروەها لە هەمان ڕۆژی هێرشەکەی داعش بۆ ناو کەرکوك، هێرشیان کردە سەر وێستگەی کارەبایی غازی دووبز، کە بوو بە شەهیدبوونی سیانزە کەس لە کارمەندانی وێستگەکەو چوار کەسیان ئەندازیاری ئێرانی بوون کە ئەرکیان چاککردنەوەی وێستگەکە بووە، بەڵام هەر زوو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە پووچەڵکرایەوەو وێستگەکە ئازاد کرا.

هەموو هێزە ئەمنییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی نزیکەی (١٠٠) چەکداری داعش دزەیان کردووەتە نێو شاری کەرکوك، بەڵام بەو چەکدارانەی کوژراون و ئەوانەشی دەستگیرکراون، ژمارەیان ناگاتە (١٠٠) کەس، بۆیە پێویستە لەسەر هێزە ئەمنییەکان کەوماڵی هەموو شوێنەکان بکەن تاکو بگەنە ئەوەی بە تەواوەتی بنبڕیان بکەن لە هەموو شوێنەکان.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لە هەمان هێرشی ناو شاری کەرکوك، هێرشیان کردبووە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە مەلا عەبدوڵڵاو زەرگەو قەرەتەپە، بەڵام لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە شکێنراو سەری نەگرت.

*** هۆکارەکانی هێرشەکە :-**

١- هێرشی پێشمەرگەو سوپای عێراق بۆ ڕزگارکردنی شاری (موسڵ)، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە (داعش) دەیویست ئەو قورساییە لەسەر (موسڵ) کەمبکاتەوە یان هەوڵێك بدات بۆ ڕزگارکردنی هێزەکەی و کردنەوەی بەرەی شەڕێکی تر تا بۆ ئەوەی بتوانێت هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق تووشی پەرتەوازەیی بکات، تا بگاتە ئەوەی (کەرکوك)و (ڕووتبە) باشترین شوێن بێت بۆ ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە سوودی گرنگی خۆی هەبێت.

٢- بە هەڵەی دەبینرێت حەویجە ماوە بەدەستی داعش، ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ دەستێپکردووە، دەبوایە حەویجە کۆتایی پێبهێنرایەو بە کۆتایی هێنانی موسڵ داعش کۆتایی پێبهێنرێت، پێگەیەکی گەورەی داعش لە پشتی موسڵەوە دەمێنێت ئەمەش مەترسیی گەورەیە بۆ سەر کەرکوك. بۆیە زەنگێکی مەترسیدارە تا دەست بە ڕزگارکردنی حەویجە بکەن بۆ ئەوەی پشتی موسڵ ڕزگار بکرێت.

٣- هێنانی یان هاتنی ئاوارەیەکی زۆر بۆ ناو کەرکوك، بەتایبەتی ئاوارەکانی حەویجە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە چالاککردنی شانە نووستووەکانی نێو کەرکوکی داعش ویارمەتیدانی داعش بۆ دزەکردنی بۆ نێو کەرکوك.

٤- هەبوونی بۆشایی ئەمنی نێو شاری کەرکوك بەتایبەتی لە ناوچەکانی خوارووی کەرکوك‌و فراوانی شوێنەکان دەوری سەرەکی هەیە لەوەی کە شانە نووستووەکان چالاکی خۆیان بکەن.

٥- هێزو لایەنە دەرەکییەکان ڕۆڵیان هەیە بۆ شیکارو وردبینی خۆیان بۆ چڕکردنەوەی باری سیاسی ناوچەکە ئەویش لە چوارچێوەی بەشداریکردنیان لە ڕزگارکردنی موسڵ، یان ڕێگە نەدانیان لە بەشداری موسڵ، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی خۆیان بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بەرەی شەڕی تازە بکەنەوە لە نزیکەی (موسڵ) وەکو ئەوەی کەرکوك کە پێگەیەکی سیاسی‌و ئابووری گرنگی هەیە لە ناوچەکەدا.

٦- دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەورێکی ناڕاستەوخۆیان هەیە لە بەرجەستەکردنی ڕووداو زانیاری بۆ بەردەستی داعش، بەتایبەتی لەدوای هاتنە نێوی داعش بۆ کەرکوك لە گەلێك شوێن پەخشی ڕاستەوخۆ دەوری دەبینی لە ناساندنی شوێنەکان‌و چالاکی بەرپەچدانەوە دژی داعش، بۆیە لەسەر هێزە ئەمنییەکان پێویستە چالاکی ڕاگەیاندن سنووردار بکرێت.

٧- نەبوونی زمانێکی یەگکرتووی ڕاگەیاندن لەنێو کەرکوك، دەوری سەرەکی هەیە لە بەرزبوونەوەی وورەی شانە نووستووەکانی داعش لە نێو کەرکوك.

* دەوری (بی ئێمە) ڕەشەکە لە شەڕەکەی کەرکوك:-

ئەگەر (بی ئێمە) ڕەشەکە لە هەندێك شوێن لە ڕابردوودا بووبێتە دێوەزمە بۆ خەڵك، ئەوا لەم ڕۆژانەدا لە کەرکوك بوو بە فریادڕەسی گیانی چەندین کەس کە بەگوللەی چەکدارانی داعش لە هێرشەکەی شەوی (٢١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٦) بریندابوون (BMW)ە ڕەشە گوللە نەبڕەکەی شارۆچکەی (دووز) لە دوای هێرشەکەی داعش بۆ سەر کەرکوك‌و (دووبز) بووە دەنگوباسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

خەڵکی شۆفێرەکەیان بە (شێرەکەی کەرکوك‌و دووبز) ناودەبرد، چونکە ئەو ڕۆژەی داعش هاتە نێو کەرکوك، بە گوتەی خەڵکی ناوچەکە قارەمانییەکی زۆر گەورەی تۆمار کرد.

ئاکۆ عەبدولرەحمان ناسراو بە (ئاکۆ دووزی) خاوەنی ئۆتۆمبیلەکەیە، پێشمەرگەیە لە لیوای (١١٦)ی هێزی پێشمەرگە، خەریکە ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ (ئاکۆ بی ئێم)و تا ڕزگارکردنی کەرکوك نزیکەی (٨٠) بریندای ڕزگارکردووە، دووژمنیش بە قەناس‌و کلاشنیکۆف تەقەی لێدەکرد.

شوێنی (٤٠- ٥٠) گوللەی چەکدارانی داعش بەئۆتۆمبیلەکەی کەوتوون، زۆر لە گوللەکانیش بەرجامی پێشەوەو دواوەو دەرگاکان کەوتوون.

ئەوەی جێگەی ڕێزو باسە کە ئەم هێرشەی داعش کۆتایی هاتووەو کەرکوك ڕزگارکراوە بە خوێنی نزیکەی (٦٩- ٧٠) کەس، تەنها لە هێزی ئاسایش (١١) شەهیدو لە هێزی پۆلیس (٩)کەس.

*** زانیاریی پێش وەختی ڕووداوەکە :-**

یانزە ڕۆژ بەر لە ڕووداوەکە، هێزە ئەمنییەکان لە بوونی پلانێکی چەکدارانی داعش بۆ سەر دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك ئاگادار کراونەتەوە.

دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنی ئەو زانیارییانە هێزێکی پۆلیس‌و ئاسایش گەمارۆی گوندی باجوانی (خۆرئاوایی کەرکوك)ی سنووری قەزای دووبزیان دا بە گومانی بوونی شەش چەکداری خۆکوژی داعش لەو سنوورە، بەڵام هیچ کام لەو چەکدارانە نەدۆزرانەوە.

لەو هەڵمەتەدا لە خانوویەکی گوندەکە زیندانێکی نهێنی داعش دۆزراوەتەوە کە گومانی هێزە ئەمنییەکانی زیاتر کردووە.

لە دوای ئەو هەڵمەتە مەفرەزە ئەمنییەکانی ناو شاری کەرکوك زیادکراون‌و چەندین بازگەی پشکنینش لەنێو گەڕەکەکاندا دانراون.

هەروەها حەشدی شەعبی ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە گوایە لە سەعات یانزەی شەوی ٢٠ی تشرین یەکەم، ڕۆژێك پێش پەلامارەکان‌و دیمەنی ژمارەیەك داعش لە کامێراکانی چاودێری حەشدی شەعبی تۆمارکراون کە لەگەڵ ژن‌و منداڵ بەرەو گوندی (عەبادات) دەڕۆن، هەر بۆیە وەزارەتی ناوخۆی عێراق پۆلیسی ئامادەی کەرکوکی ئاگادار کردووەتەوە کە داعش بە نیازە هێرشی خۆکوژی بکاتە سەر بینای پارێزگای کەرکوك‌و پۆلیس‌و چەند دامەزراوەیەك. هەر بۆیە ڕۆژی پێنجشەمەو ڕۆژێك بەر لە ڕوودانی هێرشەکە وەزارەتی ناخۆ، پۆلیس کەرکوکی لەو هێرشە ئاگاردار کردووەتەوە بەوەی کاتی ئەنجامدانی نزیکبووەتەوە.

سەعات یانزەی شەو لە ٢٠ی تشرین یەکەم دەنگی دوو تەقینەوە لە گەڕەکی حوزەیران دەبسترێت‌و هێزە ئەمنییەکان لە شوێنی ڕووداوەکە بڕێك (تی ئێن تی) دەدۆزنەوە.

٤ جلیکانی (تی ئێن تی) ڕێژکراو لە گەڕەکەکە دانراوەو دوای ئەوەی دوو لەو جلیکانە خۆرسکانە تەقیونەتەوە، دوانەکەی تر پووچەڵکراونەتەوە، سێ بۆمبی دیکەش لە نزیك حوسێنییەی (زەهرا) پووچەڵکراوەتەوە.

* چۆنییەتی ڕووداوەکەو پرۆسەکە:-

لەنێوان داقوق و بەشیردا، چەمێك هەیە کە سەرێکی حەشدی تورکمانی سەرپەرشتی دەکات ئەوسەریشی بە پێشمەرگە کۆنترۆڵ کراوەو نێوانەکەی هیچ هێزێکی تێدانییە.

ئەم گرووپەی داعش لە ڕەشادەوە هێنراون و ماوەی حەوت سەعات بە پیادە ڕۆیشتوون و دواتر دوو بارهەڵگر هاتوون بە دووکاروان داعشەکانیان گواستووەتەوەو دواتر بە حەوت ئۆتۆمبیل هێنراونەتە ناوشاری کەرکوك هەموو چەکدارەکان پشتێنی بۆمبرێژکراویان پێبووەو ئامانجیان داگیرکردنی کەرکوك بووەو هەوڵ بدەن سەدان ئەندامی خۆیان چەکداربکەن بۆ بەشداریکردن و بەرنامەی تۆکمەی بۆ دانراوە.

ئەبو ئەحمەدی سەرکردەی داعش و بەرنامە دارێژەری کردەوەکە ڕێنمایی بە داعشەکان داوە لە کاتی مەترسی دەستگیرکردنیاندا خۆیان بتەقێننەوە، ئەگەر مەترسی دەستگیرکردنیان لەسەر نەبێت کەرکوك بەجێ بهێڵن و بچنەوە ناوچەکانی داعش.

(١٠- ١٤)ی تشرین یەکەمی هەمان مانگ سیمی کەمپی مەتارەی قەزای داقوق ٤٥ کیلۆمەتر باشووری خۆرئاوای کەرکوك بەشەو دەپچڕێندرێن کە ئاوارەکانی حەویجەی تێدایەو گومان دەکرێت بەشێك لەو داعشانەی لەگەڵ ئاوارەکاندا دزەیان کردووەتە ئەو کەمپەوە هەڵهاتبن بۆ بەشداریکردن لە هێرشەکەی کەرکوکدا.

هەروەها چەکدارانی داعش ژنیشیان لەگەڵدابووەو لە نێوان گوندی (عەبادات)و (جەدیدەی) سنووری داقوق دزەیان کردووە لەگەڵ چەکدارەکان، لە دوایدا گەیشتوونەتە شەقامی سەرەکی (کەرکوك - بەغدا)و لەلایەن دانیشتووانی گوندەکەوە هاوکاری کراون بۆ هێنانیان بۆ ناو شار.

سەعات سێی بەرەبەیانی هەینی چەکدارانی داعش سەرەتا پەلاماری بینای بەڕێوەبەرایەتیی پێشووی پۆلیسی کەرکوکیان داو داگیریان کرد، دزەیان کردە نێو هوتێل جیهادو بینای مەجیدیەو پاشان لە فولکەی پارێزگای کەرکوکەوە چوونە نێو هوتێل (دار السلام)و (سنەوبەر)و پێشانگای ئۆتۆمبیلی (عادل)، هەروەك پەلاماری فەرماندەیی فەوجەکانی پۆلیسی ئامادەو فەوجی دوویان داو چوونە نێو بینای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکیشەوە.

هەر لەو کاتەدا دەیان چەکداری دیکەیان لە چەند خانووو بینای خوێندنگاکانی گەڕەکەکانی ئەسراو مەفقودین و حوزەیران و عروبەو نەسرو مەنسییەو دۆمیزو تسعین و گەڕەکی عەسکەری بڵاوکرانەوەو دەستیان بە تەقەکردن کرد لە هێزە ئەمنییەکان. چەکدارانی داعش بەجلی ئەمنییەوە بازگەی وەهمییان لە گەڕەکەکانی باشووری کەرکوك دانابوو.

* سەرچاوە:-

١- ڕۆژنامەی (ڕووداو)، ژمارە (٤٢٩) لە ڕۆژی (٢٤)ی (١٠) (٢٠١٦).
٢- ڕۆژنامەی (چاودێر)، ژمارە (٥٨٤)، لە ڕۆژی (٢٤)ی (١٠) (٢٠١٦).
٣- گۆڤاری (الانصات المرکزي)، ژمارە (٦٥١٥) ڕۆژی (٢٣)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦).
٤- گۆڤاری (الانصات المرکزي)، ژمارە (٦٥١٥) ڕۆژی (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦).







*** چارەنووسی کەرکوك لە پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١):**

**مەریوان ئیبراهیم عەبدوڵڵا**
یەکێك لە لایەنە سیاسییە گرنگەکانی عێراق لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ساڵی ١٩٢١ بریتییە لە دانوستانی نێوان کورد و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، چونکە بە تێروانینی کوردەکان حکومەتەکانی عێراق لەسەر بنەمای تائیفی کاردەکەن و مافی هەموو نەتەوەکانی عێراقیان وەك یەك دابیننەکردووە، بەڵکو کورد لە مافە رەواکانی خۆی بێبەشکراوە بەتایبەتیش لە دوای ئەوەی ویلایەتی موسل لەسەر خواستی بەریتانیا و بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی کورد بە عێراقەوە لکێنرا، بەو مەرجەی عێراق مافە نەتەوەییەکانی کوردانی ویلایەتی موسل لە عێراق دابینبکات، کەرکوکیش کە ناوەندی ویلایەتی موسڵ بوو وەك بەشێکی گرنگی ویلایەتەکە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ لکێنرا بە عێراقەوە و چارەنووسی ئەمیش لە ناوچەکانی تری ویلایەتی موسڵی خراپتری بەسەرهات، چونکە هەر زوو نەوت لە کەرکوك و دەوروبەری دۆزرایەوە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق زیاتر بایەخ بە کەرکوك بدەن و کردیانە بەشێکی هەرگیز دانەبڕاو لە عێراق و لە هەموو خولەکانی دانوستانەکانیش لەگەڵ کورددا ئامادەنەبوون واز لە کەرکوك بهێنن و بیخەنە سەر ناوچە ئۆتۆنۆمی، بۆیە ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ باسکردن لە شاری کەرکوك لە پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و حکومەتەکانی عێراق.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە:
١- پێگەی کەرکوك چۆن بووە لە دانوستانەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا.
٢- چارەنووسی کەرکوك لە ئەنجامی پرۆسەی دانوستانی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق چی بەسەرهات.
٣- بۆچی حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو دەست لە کەرکوك هەڵگرێت و بیخاتە سەر ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کە بە نیاز بوو بیدات کوردەکان؟

*** کەرکوك لە دانوستانەکانی (١٩٧٠-١٩٨٢)**
کاتێك دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢١ پێکهات، تەنها لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکهاتبوو لەو کاتەدا ویلایەتی موسڵ لە دەرەوەی ئەم دەوڵەتە بوو، کەرکوك وەك بەشێك لە ویلایەتی موسڵ و ناوەندی ویلایەتەکە ساڵی ١٩٢٥ لکێنرا بە عێراقەوە. کوردیش وەك نەتەوەی دووەم و سەرەکی لە عێراقدا لە زۆرێك لە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی بێبەشکرا، بۆیە لە پێناوی بەدەستهێنانەوەی مافەکانیدا زۆرجار پەنایان بردووتە بەر خەباتی چەکداری و زۆرجاری تریش رێگەی دیبلۆماسی و دانوستانیان گرتووەتە بەر، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ١٩٢١ تا ساڵی ١٩٩١ کورد و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ١٣جار دانوستانی فەرمی و نافەرمییان ئەنجامداوە لە بەشی هەرە زۆری دانوستانەکاندا کەرکوك تەوەری سەرەکی دانوستانەکان و یەکێکیش بووە لە کێشە سەرەکییەکان، کە نەیانتوانیوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە و بگەنە رێککەوتنێکی یەکجاری.
دوای دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراقی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا سەدام حوسێن جێگری سەرۆککۆماری عێراق خۆی سەردانی بارزانی کرد لە ناوچەی گەڵاڵەی سەر بە حاجی ئۆمەران، سەدام حوسێن بەم وتەیە کۆبوونەوەی دەستپێکردووە (هاتووم بۆ ئەوەی گوێبیستی سکاڵاکانی مستەفا بارزانی بم و ئەویش لای خۆیەوە گوێ لە سکاڵاکانی من بگرێت، من هاتووم تا رێککەوتنی لەگەڵ مۆر بکەم، نەك وەك جارەکانی پێشوو تەنها لەسەر ئاگربەست رێکبەکەوین).
شاندێکی حکومەت بەسەرۆکایەتی حەردان تکریتی گەیشتە ناوپردان لە کاتی گفتوگۆکردندا ناکۆکی کەوتە نێوان مستەفا بارزانی و عەبدوڵڵا سەلوم سامەراییەوە لەسەر ئەوەی ئایا شاری کەرکوك سەر بە کوێ بێت؟ عەبدوڵڵا سەلوم وتبووی کەرکوك کوردستان نییە، لە وەڵامیشدا بارزانی بە توورەییەوە وتبووی کەرکوك کوردستانە و هەرگیز واز لە کەرکوك ناهێنین، ئەمەش ببووە هۆی راگرتنی گفتوگۆکان بۆ ماوەی دوو سەعات و دواتر دەستپێکردووەتەوە، بەدرێژایی مانگی کانوونی دووەم ١٩٧٠ دانوستانی چڕوپڕ و قورس لەنێوان شاندی کوردی و حکومەتی عێراق بەردەوام بوون، یەکێك لە تەوەرە پڕ ناکۆکییەکان بریتی بوو لە ناکۆکی سەبارەت بە کەرکوك و ناوچە کوردییەکانی تر، کە حکومەتی عێراقی دانی نەدەنا بەوەی بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە رێککەوتن بەسەرژمێری چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکەنەوە و لە ماوەی یەك ساڵدا لە رێکەوتی واژۆکردنی رێککەوتنەکەوە دەستپێدەکات بۆ ئەوەی سەرژمێری دانیشتووان لە کەرکوك و دەوروبەری و شەنگال ئەنجام بدرێت.
لەو بارەوەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی دووپاتکردووەتە کە دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردییەکان لە رێگەی سەرژمێرییەوە کەرکوکیش دەگرێتەوە، رێکەوتی ٩ی ئاداری ١٩٧٠ وەفدێکی گەورەی حکومەتی عێراق، کە لە ٣٠ ئەندام پێکهاتبوون بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن بەرێکەوتن بۆ کوردستان و بە پێنج هەلیکۆپتەر لە هەولێرەوە گواسترانەوە بۆ هاوینەهەواری جوندیان، پاشان بەرەو چۆمان بۆ دیداری بارزانی لە ناوچەی گەڵاڵە بەرێکەوتن لەو کاتەدا سەدام حوسێن داوای لە فوئاد عارف کردبوو لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا کە خۆی شۆفێری دەکرد هاورێیەتی بکات، مەسعودی کوڕی مستەفا بارزانیش لەگەڵیاندا بوو، سەدام حوسێن بەراشکاوانە دانی بەوەدا نابوو هەردوولا پێویستمان بەوەیە بگەینە رێککەوتن، لەو باوەڕەشدابووە بە رێکەوتنی هەردوولا بگەنە چارەسەری کێشەی کەرکوك،

زیاتر وتبووی: (بارزانی ناتوانێت بڵێت کەرکوك کوردستان نییە، منیش لەلایەن خۆمەوە لە ترسی تۆمەتبارکردنی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب ناتوانم بڵێم کەرکوك عەرەبی نییە، بۆیە باشتروایە بگەینە چارەسەرێکی مامناوەندی ئەویش بە دانانی ڕووباری خاسە بە سنووری کارگێری جیاکەرەوە لەنێوان هەردوولا، بەشی ڕۆژهەڵاتی بخرێتە چوارچێوەی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە بەشی ڕۆژئاوایش بخرێتە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناوەندی، بەهۆی ئەوەی دامەزراوە نەوتییەکان لەو ناوچانەدان سەدام جەختیشی لەوە کردەوە کاتێك چارەسەری کێشەی کەرکوکیان کرد، ئامادەیە بۆ کار ئاسانیکردن بۆ ژمارەیەك ناوچەی تری بەرێککەوتن، وەك خانەقین و مەندەلی و شێخان و شەنگال، دوای گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی پێکهاتن کێشەی کەرکوك دوابخرێت بۆ ئەوەی کارگێڕییەکی هاوبەشی تێدا دروستبکرێت، تا ئەو کاتەی متمانە لەنێوان هەردوولا پتەو دەبێتەوە، بەمەرجێك هیچ گۆڕانکارییەکی نوێ لە دانیشتواندا نەکرێت.

١١ی ئاداری ١٩٧٠ هەردوولا گەیشتن بە گرێبەستی بەیانی ١١ی ئادار کە لە ١٥ بەند پێکهاتبوو، هەریەکە لە مستەفا بارزانیو سەدام حوسێن واژۆیان لەسەر کرد، تێیدا دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا نرابوو، لەگەڵ داننان بەبوونی نەتەوەی کورد و هاوبەشیکردنی لە نیشتمانی عێراقدا، سەبارەت بە کەرکوك لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەو هەموو پێداگرییەی بارزانی لەسەر بابەتی کەرکوك لەکاتی دانوستانەکاندا کەچی لە کۆی ١٥ خاڵی بەیاننامەکە و خاڵەکانی پاشکۆی بەیاننامەکە هیچ خاڵێکیان بە ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە کەرکوك و چارەنووسی کەرکوك نەکردووە و ئەو بابەتە بەجێهێڵراوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری داهاتوو، ئەویش لە پاشکۆی بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە.

ساڵی ١٩٧١ دوای ئەوەی حیزبی بەعس جێ پێی خۆی لە دەسەڵات قایمکرد لاوازی متمانە لەنێوان هەردوولا سەریهەڵدا، چونکە حیزبی بەعس وردە وردە لە بەڵێنەکانی پەشیمان دەبووەوە و ئەو سەرژمێرییەی دەبوایە لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی وەك (کەرکوك و خانەقین و شەنگال) بکرایە دوایانخست بۆ کاتێکی نادیار، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بەغدا دەیزانی زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانی پارێزگای کەرکوك کوردن، وەك لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا دەرکەوتبوو، هەر بۆیە کە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە، ئەحمەد حەسەن بەکر کتوپڕ داوای لە بارزانی کرد سەرژمێرییەکە دوابخرێت، لەبەر ئەوەی گوایە ئامادەسازیی تەواو نەکراوە بۆ ئەنجامدانی، دواتر ئەو لیژنەیەش هەڵوەشێندرایەوە کە بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە پێکهێنرابوو.

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد هەڵکشانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، ساڵی ١٩٧٢ کوردەکان حکومەتی عێراقیان بە هەوڵدان بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوك و خانەقین و سنجار و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری عەرەب بۆ ئەو ناوچانە تۆمەتبار کرد، ئەویش بۆ گۆڕینی هاوسەنگی دیمۆگرافی لەو ناوچانەدا، بەتایبەتی لە کەرکوك بەهۆی بوونی سامانێکی زۆری نەوت لە سکاڵاکەی بارزانیدا بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر هاتبوو: عێراق کار بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب دەکات لەو ناوچانەی دەوڵەمەندن بە نەوت.

لەگەڵ چوارەمین ساڵیادی بەیانی ١١ی ئاداردا حکومەتی عێراق بەبێ ڕەزامەندی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد، یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان دەرکرد ماوەی دوو هەفتەشیان بۆ بارزانی دانا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەرببڕێت، ئەم یاسایە تەنها سێ پارێزگای دەگرتەوە ئەوانیش (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) پارێزگای هەولێریش وەك پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانرابوو، بەڵام پارێزگای کەرکوك و شەنگال و خانەقین و مەندەلی بە بەشێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانەنرابوون.

بەڵام پارێزگای کەرکوك و شەنگال و خانەقین و مەندەلی بە بەشێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانەنرابوون، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بارزانی ئامادەنەبوو دەست لە کەرکوك هەڵگرێت، بەڵکو دەیویست لەجیاتی هەولێر کە حکومەت دیاری کردبوو، کەرکوك ببێتە پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: مستەفا بارزانی لەسەر کێشەی کەرکوك سووربوو دەیوت ئێمە هەرگیز تەنازول ناکەین لە کەرکوك ئەگەر تەنها یەك کورد لە کەرکووکدا بمێنێت، ئەوەش بووە هۆکارێك لە هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەی بەیانی ١١ی ئادار چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری تێدا نەبوو، چارەسەری ئەم کێشەیەی بەستبووە بە ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووانەوە و دواتر زەمینەش بۆ سەرژمێرییەکە نەڕەخسێنراو بەربەست بۆ کۆی خاڵەکانی بەیانەکەش دروستکرا و لە واقیعدا بەیاننامەکە بە تەواوی جێبەجێ نەکرا.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٧ دانوستان لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراقدا دەستپێکرد، یەکێك لە خاڵەکانی داواکاری (ی.ن.ك) کۆتاییهێنان بوو بە سیاسەتی ڕاگواستن و گۆڕینی سیما نەتەوەییەکانی کورد لە کەرکوك و گێڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان بەڵام حکومەت بەمانە ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوەی دوای سێ ڕۆژ دانوستانەکان کۆتاییان پێهات بەبێ ئەوەی لەسەر شێوازێکی چارەسەری کێشەکان ڕێکبکەون، دواتر ساڵی ١٩٧٩ دانوستانی ڕاستەوخۆ لەنێوان سەرکردایەتی (حیزبی سۆسیالیست یەککرتووی کوردستان – حسیك) و حکومەتدا دروست بوو، شاندنی (حسیك) داوای لە حکومەتی عێراق کردبوو دەست لە ڕاگواستنی کوردەکان هەڵگرێت و ئەوانەش کە ڕاگوێزراون بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و بەندەکانی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێبەجێبکات، هەندێك لەم خاڵانە بە ناڕاستەوخۆ مەبەستیان کەرکوك و دەوروبەری بووە، بەڵام بە تایبەت لە خاڵەکاندا ناویان نەهێناوە.

دواتر ساڵی ١٩٨٢ کە شەڕی عێراق ئێران گەرم ببوو حکومەت شێخ عیزەت سلێمان بارزانی نارد بۆلای (پ.د.ك) لە گوندی کێلەشینی ناوچەی برادۆستی سێگۆشەی سنووری بەنهێنی دانوستان لەنێوان ئیدریس بارزانی لە (پ.د.ك) و بارزان تکریتی لە حکومەتی عێراق دەستپێکرد، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر گەڕانەوەی بارزانییەکان و پێدانی بڕێك پارە و پارچە چەك بە (پ.د.ك) بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا باسی کەرکوك نەکراوە و لە کۆتاییشدا ڕێککەوتنەکەیان سەرینەگرتووە. دوای هاتنە سەرکاری سەدام حوسێن ساڵی ١٩٧٩ وەك سەرۆك کۆماری عێراق جارێکی تر دەستیکرد بە درێژەدان بە سیاسەتی تەعریب کردنی ناوچە کوردییەکان ٣٠٠-٤٠٠ خانووی لە ڕۆژئاوای کەرکوك بەناوی (کەرکوکی نوێ)وە دروستکرد بۆ ئەو کرێکارە عەرەبانەی کە لە کارگەی کبریتی کەرکوك کاریان دەکرد، هەر بەوەشەوە نەوەستا و دەستیکرد بە گۆڕینی ناوی هەندێك ناوچەی کوردی لەوانە کەرکوك ناوەکەی بەشێوەیەك گۆڕی وەك ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە عەرەب بن.

* دانوستانی (١٩٨٣ – ١٩٨٤)

لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ جارێکی تر حکومەت و (ی.ن.ك) بڕیاری ئاگربەستیان ڕاگەیاند، لەم خولەی دانوستانەکاندا گفتوگۆی دوورودرێژ ئەنجامدرا سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسی گرنگ و هەردوولا گەیشتن بە جۆرێك لە لێکتێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بە زۆرێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی نێوانیان لەناویشیاندا دەسەڵاتی دامودەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و حکومەتی ناوەندی و بەشی کورد لەو دەسەڵاتانەدا، ڕاگرتنی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، لەناویشیاندا کەرکوك و شەنگال و خانەقین، تەنانەت ڕێککەوتنەکەی نێوانیان گەیشتبووە ڕادەی واژۆ لەسەرکردن و سەدام حوسێن داوای لە تاڵەبانی کردبوو خۆی ئەم ڕێککەوتنەی نێوانیان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغداد ڕابگەیەنێت، بەڵام تاڵەبانی ڕەزامەندی نیشان نەدابوو، بە پاساوی وەرگرتنی ڕای سەرکردایەتی (ی.ن.ك).

دواتر لە قۆناغێکی تری دانوستانەکاندا لە مانگی تەممووزی ١٩٨٤دا شاندی کورد چووبوونەوە بەغدا و دەربارەی کارە سەرەکی و ستراتیژییەکان گفتوگۆی چڕ و پڕ و قووڵ ئەنجامدرابوو، بەتایبەت ئاساییکردنەوەی کوردستان و کەرکوك، لە کۆتاییدا بڕیاردرابوو بابەتی کەرکوك بە هەڵپەسێراوی بەجێبهێڵن بۆ کۆبوونەوەی نێوان سەدام حوسێن و جەلال تاڵەبانی، ئەوانیش لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دەبێت سەرەتا بارودۆخی کوردستان بە گشتی و کەرکوك بەتایبەتی ئاسایی بکرێتەوە ئەوسا بڕیاری لەبارەوە بدرێت. عەبدولڕەحمان قاسملو وتوویەتی (لە کۆتاییدا سەدام ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر پێکهێنانی ئیدارەیەکی هاوبەش لەکەرکوك، لەسەر ئەو پێشنیازە بە مەرجێك بەعەرەبکردن لە کەرکوك و دەوروبەری کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی تورکیاوە سەرەنجامی ئەم دانوستانانەش شکستی هێنا و دوای تێپەڕینی ساڵێك و ٤٢ ڕۆژ بەسەر دانوستانەکاندا سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی دەرکرد و کۆتایی هاتنی دانوستانەکانی ڕاگەیاند.

* کەرکوك لە دانوستانەکانی ١٩٩١ی نێوان حکومەتی عێراق و بەرەی کوردستانیدا

دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا و کۆڕەوی جەماوەری خەڵکی کوردستان سەرەنجام لە (٢٠ی نیسانی ١٩٩١)دا شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بەڵام پرۆژەیەکی فەرمییان پێ نەبوو بۆ ئەوەی پێشکەش بە حکومەتی بکەن بۆ وتووێژکردن، بۆیە کڕۆکی ئەوەی لەم خولەدا ئەنجامدرا بریتی بوو لە پێشکەشکردنی چوار داواکاری زارەکی لەلایەنی شاندی کوردییەوە سەبارەت بە دیموکراسی بۆ عێراق و مافەکانی مرۆڤ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و کۆتاییهێنان بەکرداری ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ هەموو بەندکراوە سیاسییەکان، داواکاری کۆتاییش سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و مافەکانی کورد بوو.

دوای چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەی شاندی یەکەم، شاندێکی تری بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و بە ئەندامێتی چەند سەرکردەیەك لە حیزبەکانی ناوبەرە چوونەوە بۆ بەغدا و لە ٧ی ئایار تا ١٧ حوزەیرانی ١٩٩١ واتە ماوەی ٤٢ ڕۆژ لە بەغدا مانەوە ئەمجارەیان ڕەشنووسی پرۆژەیەکیشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو کە لەلایەن لیژنەی تەنسیقی بەرەی کوردستانییەوە ئامادەکرابوو، عیزەت دووری سەبارەت بە ڕەشنووسی پرۆژەکەی بەرەی کوردستانی وتبووی: ئێمە ئاوات بە پرۆژەی وا ناخوازین، نە بەناوەڕۆکی پرۆژەکە و نەبە شێوازی دەربڕینی دەستەواژەکانیش ڕازین، سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیش وتبووی: حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٧٤ەوە ئۆتۆنۆمی داوە بە کورد بۆیە ئۆتۆنۆمییەکی تازەتان نادەینێ، ئەو پرۆژەیەش کە ئێوە پێشنیازتان کردووە بۆمان ئەوە مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری عێراق.

بۆیە شاندی کوردی سەبارەت بە پارێزگای کەرکوك چوار پێشنیازیان خستە بەردەستی شاندی حکومەت، کە یەکێك لەوانە بریتی بوو لە پێکهێنانی کارگێڕییەکی هاوبەش لەنێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی کەرکوك، یاخود گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سنووره سرووشتییەکەی پێشووی، واتە گێڕانەوەی قەزا دابڕێندراوەکان بۆ کەرکوك و دواتر لکاندنەوەی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە، ئەوسا با دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی وزەی نەوت و کارەبا و بەنداوەکان و خەزانەکان هەر بەدەست حکومەتی ناوەندییەوە بن، بەڵام شاندی حکومەت هەموو پێشنیازەکانیان ڕەتکردەوە.

مەحموود عوسمان دەڵێت: لەم خولەی دانوستانەکاندا لەسەر هەندێك بابەت گەیشتبوونە ئەنجام، بەڵام زۆر بابەتی تر بە هەڵپەسێراوی مابوونەوە، دیارترینیان ئەمانە بوون:

١- شاندی حکومەت داواکاری کوردیان سەبارەت بە بوونی

گەرەنتی نێودەوڵەتی ڕەتکردەوە.
٢- حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی تەواو و بێ چەند و چوون ئەوەیان ڕەتکردەوە پارێزگای کەرکوك بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

لە کۆتایی ئەم خولەی دانوستانەکاندا شاندی کوردی بۆیان دەرکەوت ئەو مافانەی کە حکومەت ئامادەیە بیدات بە کورد زۆر کەمترە لەو مافانەی پێشتر لە خولەکانی دانوستانەکانی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٤دا دابووی پێیان. هەرچەند لەو کاتەدا حکومەتی عێراق تەنازولی لە شارۆچکەکانی کفری و ئاکرێ و بەشێك لە شێخان کردبوو، بەڵام دیسان لەسەر دیاریکردنی سنووری کوردستان لەگەڵ شاندی کوردیدا پێچەوانەی یەکتر وەستانەوە، چونکە ئەوان پێیانوابوو ئێزیدییەکان عەرەبن و کەرکوك و خانەقین و دووزخوماتوو و شێخان و سنجار و مەخموور لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمین، لە ١٠ی تەمووزی ١٩٩١دا کۆتا قۆناغی ئەم خولەی دانوستانەکان دەستیپێکرد و شاندی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی گەڕانەوە بەغداد بۆ تاوتوێکردنی ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەغدا لە چوارچێوەی عێراقدا پێشنیاریکردبوو.

دوای گەڕانەوەی شاندی کوردی لە بەغدا و تاوتوێکردنی پرۆژەکەی حکومەتی عێراقی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی لە کۆتاییدا لەسەر ئەو ڕایە پێکهاتن کە هەڵبژاردنێك ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بڕیار لەسەر پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنە بدات، بەمجۆرە دانوستانەکان گەیشتنە ڕێگایەکی داخراو و کۆتاییان پێهێنرا تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی داوایان کردبوو بە پرۆژەکەی حکومەت ڕازی دەبن ئەگەر چەند خاڵێکی بۆ زیاد بکرێت، یەکێك لەو خاڵانە بریتی بوو لەوەی پارێزگای کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بخرێنە چوارچێوەی سنووری کوردستانەوە، بەڵام حکومەت بەهیچ جۆرێك ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە نەبوو، هەروەك تاریق عەزیز دەڵێت: ئێمە گەیشتبووینە ڕێکەوتنێکی تەواو سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و لکاندنی ئەو ناوچانەش کە ڕای جیاوازمان لەسەریان هەبوو بە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمییەوە تەنها کەرکوك نەبێت، چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە بوونی کەرکوك لە چوارچێوەی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دا واتای جیابوونەوە دەگەیەنێت، بەڵام بەڕێوەبردنی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە گەرەنتییە بۆ یەکێتی و یەکڕیزی وڵات.

بەمشێوەیە لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٦مانگ، خولی سێیەمی دانوستانەکانی عێراقی - کوردی کۆتاییان پێهات بەبێ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە عێراق بەتایبەتیش کێشەی کەرکوك، لە تێکڕای ئەم خولەشدا چەند هۆکارێکی سەرەکی بوونە ڕێگر لەبەردەم دانوستانەکان و سەرەنجام شکستیان بە دانوستانەکان هێنا، لە دیارترین ئەو هۆکارانەش بریتی بوو لە سووربوونی حکومەت لەسەر نەدانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکان بە گەلی کورد، بەتایبەت لە کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری و ڕێکنەوکەوتنی هەردوولا لەسەر بابەتی دیموکراسییەت لە عێراقدا، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین بابەتی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بوونەتە هۆکاری شکستهێنانی زۆربەی دانوستانەکان لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا، چونکە کورد هەمیشە لەکاتی دانوستانەکاندا جەختی لەوە کردووەتەوە کە نابێت کەرکوك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی جیابکرێتەوە حکومەتیش پێداگری لەسەر ناوەندی بوونی کەرکوك کردووەتەوە.

## * دەرەنجام

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە کورد لە کۆی هەموو دانوستانەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٩١ پێداگری کردووە لەسەر کوردستانی بوونی شاری کەرکوك و هەوڵی ئەوەی داوە کەرکوك لە چوارچێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بێت و لەلایەن کوردەوە بەڕێوەببرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێداگریان کردووە لە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوك و گەڕانەوەی کوردانی ڕاگوێزراو بۆ شارەکە و ڕاگرتنی پرۆسەی بەعەرەبکردنی دانیشتووانی کەرکوك و دەوروبەری، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٤ بەقسە نکۆڵی نەکردووە لە کوردستانی بوونی کەرکوك، بەڵام بەکردار پێچەوانە بووە و هەمیشە هەوڵی داوە لەسەر مێزی دانوستانیش بە پاساوی جۆربەجۆر وەك پاراستنی یەکڕیزی عێراق و جیانەبوونەوەی کورد دانی بە کوردستانی بوونی کەرکوکدا نەناوە، بەڵام عەرەبی بوونی کەرکوکیشی ڕانەگەیاندووە، بەڵکو بە شارێکی عێراقی داناوە و گوایە دەیانەوێت هەروەها سامانی نەوتی کەرکوك بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەشبکەن.

